بانکی رافیدین لە واشنتۆن ڕێککەوتنێکی لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی ئیمزاکرد

بانکی رافیدینی عێراق، ئەمڕۆ هەینی، ڕایگەیاند، ڕێککەوتنێکی هاوبەشیی پێشبینیان لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی لە بواری ڕاوێژی دارایی و چاودێری لە واشنتۆن ئیمزاکردوە.

بایەزخانەی عێراق لە واشنتۆن، ئەمڕۆ هەینی، لە ڕاگەیەندراوێکدا لە زاری عەلی فەتلاوی، بەڕێوەبەری بانکی رافیدینەوە، بڵاویکردەتەوە، لە هەنگاوێکی ستراتیژیی نوێدا، لە بارەگای بایەزخانەی عێراق لە واشنتۆن، ڕەوەسمی ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێکی هاوبەشیی پێشیی لەنێوان بانکی رافیدین و کۆمپانیای Integrity K2ی ئەمریکی بەڕێوەچو.

بە قسەی عەلی فەتلاوی، کۆمپانیا ئەمریکییەکە، کۆمپانیایەکی پێشەنگی جیهانییە لە بواری ڕاوێژیی دارایی و چاودێرییدا.

بەڕێوەبەری بانکی رافیدین ئاماژەی بەوداوە، ڕێککەوتنەکە پێشکەشکردنی پاکێجێکی تەواوی خزمەتگوزارییەکان لەخۆدەگرێت لە بواری نەهێشتنی سپیکردنەوەی پارە، پارەدارکردنی تیرۆر، پێیەوکردنی ئەو سیستەمانەی کە لەگەڵ ستاندارد نێودەوڵەتییەکان دەنەوە هەروەها بەهێزکردنی

ژەرخانی چاودێریی بانکە عێراقییەکان.

ئەوەشی خستەڕوو، ئەم هەماهەنگییە لەچوارچێوەی ستراتیژیی حکومەتی عێراقدا دێت بە بونیادنانی کێرتەکی دارایی بەهێز و شەفاف کە توانای هاوشانیکردنی گەڵانکارییە ئابوورییە جیهانییەکانی هەبێت لەگەڵ پتەوکردنی پێگەی عێراق وەك ناوەندێکی دارایی ئومێدبەخش لە ناوچەکە.

عەلی فەتلاوی پێی وایە ئەم شراکەتە "بازدانێکی جەرییە لە ڕێگەی چاکسازییە بانکییەکان" و دەبێتە مایەی "بەهێزکردنی متمانە بە بانکە عێراقییەکان و کردنەوەی ئاسێیەکی فراوانتری هاریکاریی لەگەڵ بانکە نێودەوڵەتییەکان."